کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-5-2007 16:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێویستیان بەوجۆرە چالاکشانانە نی یە ... محەمەد مێرگەسۆری

ماوەیەکە بۆ خۆدەرخستن، ئافرەتێك بەناوی عەدالەت عومەر کە خۆشی بە چالاك لە بوواری ئەنفال دەناسێنی دەیەوێت بەزنجیرەو وەکو ئەوەی نەوتی لە ژێر زەوی دۆزیبێتەوە، وتەنیا لەژیانی دائەو لە ئەنفال دەگات وکەس نەبی لە ئەنفال بگات وچالاکی پێبکرێت، خاتونی بەرێز زۆرم لا سەیرە تۆ چالاك بیت لەبوواری ئەنفال، ئەو کاتەی لە سەنتەری ئەنفال بوی ئەوەندە شتی باشت کردهەر قابیلی ستاییشە کە مەپرسە!!!! کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئەوەندە رقیان لەوانەیە کە بی رێزییان بەرامبەر دەکەن نەبێتەوە، ئەو کاتەی لە بارزان ولە کاتی ساڵوەگری هێنانەوەی ئێسك وپروسکی بارزانییەکان بە ناوی وەزیری بەرێزت محەمەد ئێحسان قسەت کردرقم لە خۆم ولە ئەنفال بۆەو بۆ دڵدانەوەی خۆم زەردەخەنەو لە ژێر لێوان گۆرانیم دەگوت وەکو ئەوەی لە وولاتی نەفامان بم، ئەو کات هەستم کرد چەندە بێ رێزی دەکەین بەرامبەر ئەنفال، ئەگەر وەزیرە بەرێزەکەت لە گەورەیی ئەنفال دەگەیشت قەت تۆییکی نەدەناردە پیرۆزترین یاد وشوێنی گەورەترین کارەسات، تۆ بلێی ئەم وولاتە تەنیا ئێوەی تێدا بێت، کە وەکو مۆرانە بەربونەتە گیانی پاشماوەکانی ئەنفال و دەتانەوێت ئەوانیش بە خەفەت لە نێو بەرن، هەموو چالاکی یەکانی تۆ دەتوانم چرکەمەوە لەوەدا کە تۆ بازرگانی بە ئەنفالە بی چارەکان دەکەی چونکە پێتوایە باشترین و ئاسانترین رێگایە بۆ بازرگانی کردن وخۆ دەولەمەندکردن، ئەگەر تۆ چالاك بووایتە لەبوواری ئەنفال وراست دەکەی دەبووایە ئێستا قەرزار بیت ولەخانووی کری دابی ولە گیرفانی خۆتەوە وەکو د. شوکریەرەسوڵ پارە ببەخشیتە کەسوکاری ئەنفالەکان نەوەك بەو پارەیە خانوو و سەیارەی ئاخر مۆدێل بکری، پێم حەیفە تۆ باس لە ئەنفال بکەی ئەگەر کەمێك ئەدەب و ویقار مابی دەبی لەو پیرێژنە بگەی کە لە زامەکانی ئەنفال پێت دەڵێت:"وازمان لێبێنن. "بەڵام دەزانم نەك وازناهێنن بەڵکو وەکو وەزیرە بەرێزەکەشت ئێمەی کەسوکاری ئەنفال بە نەخۆش لە قەلەم دەدەن، ئێوە ناحەق نین چونکە لە ئاست بی رێزییەکانی ئێوەدائێمەی کەسوکاری ئەنفال بێدەنگین. ئێمە نەخۆشین؟ یا ئێوەی نەخۆش؟ کە مرۆڤبونتان بیر چۆتەوە وباری بە ئەنفال و پیرۆزییەکانی دەکەن، نازانم چۆن وبە چ چالاکی یەکت گەیشتی بەو ئاستە بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەگەر بۆ ئەنفال شتێکتان لە هەگبەدابا، تائێستا بەرهەمەکەیمان دەدورییەوە، ئەنفالەکان تاوەکو خاوەنی ئێوەمانان بن حالیان لەمە باشتر نابی، ئەگەر ئەم وولاتە یاسا سەروەر بی دەبی یاسا لەتۆ بپێچێتەوە کەوا هێندەساڵە بەناوی ئەنفال لاف وگەزاف لێدەدەی چیت کردووە بۆ ئەنفال، ئازیزم ئێوە مانان تەنیا چالاکن لە بوواری کرینی خانوو وگۆرینی ئۆتۆمبیل و وەرگرتنی پلەی باش و رشانەوەی قسەی زل، چۆن بیزار نەبین لە وولاتێکدا کە ئافرەتێك بی حورمەتی بە ئەنفال دەکات و دەرگای لەسەر ژنە ئەنفالەکان دادەخست و بە ناوی ئەوانەوە پارەی گل دەدایەوە، تەنها تۆ نیت کەچالاکی لەبوواری ئەنفال بەدەلیقە دەزانن و خۆتان کردۆتە دەمراستی ئەنفالەکان، لەکاتێکدا گرێی دەرونی خۆتان بەرامبەر ئەم میللەتە ستەمدیدەیەبە ئەنفالەکان دەرێژن، بۆیە منیش دەلێم حەیفە و راستیش نییە خیانەت لە ئەنفال بکەن وبێرێزی بەرامبەر بنوێنن، بۆیە وەکو کەسوکارێکی (8) هەزار بارزانی ئەنفالکراو داوات لێدەکەم ولەرێگای ئێوەشەوە لە هەموو ئەوکەسانەی وەکو ئێوەن دەکەم چالاکی یەکانتان لە بوواری ئەنفال بوەستێنن بەڵکو کەسوکاری ئەنفالەکان هەناسەیێکی ئارام هەلمژن و چیتر بی حورمەتی یان پێ نەکرێت و ئەو کاتەی بەراستی پێتان دەڵێن وازمان لێبێنن بەراستی وازیان لێبێنن، نەك بۆ خۆدەرخستن زامەکانیان هەڵدەیتەوە، وئەو کارەی تۆ دەیکەیت لە بوورای چالاکی بۆ ئەنفال هەموو تاکێك لە توانای دایە بەڵام ئەو کارەی بۆ بەرژەوەندی خۆت دەیکەی هەموو کەسێك لە توانای دا نی یەو پێی گوناە وبێرێزی یەبەرامبەر گەورەیی ئەنفال. m_mergasory@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.